ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# خوێندنەوەیەک بۆ هزری هێرش قادری
## (ئێران و بوونی نائێرانی)

لێدوانی تیۆریک
ئەستێل ئینسایت



# خوێندنەوەیەک بۆ هزری هێرش قادری
# (ئێران و بوونی نائێرانی)

## ئەستێڵ ئینسایت

فیوریەی 2025

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

## کردنەوە

لە سەردەمی قاجاردا خوێندکار و نێردراوانی ئێرانی لەگەڵ وڵاتە خۆرئاواییەکان ئاشنا بوون و لە ڕێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەیانـــویست ڕیفۆرم و گۆڕانکاریگەلێکی جـــدی لە قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بەدی بهێنن. گەشەی ئەم بیرکردنەوە و خـواسـتە، بـــووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک لە گەڕان بە شـــوێن نـــاســـنامە و ســـاخکردنەوەی چەمکی و مۆدێرنی "دەسەڵاتی سیاسیی ئێران". مەشـروتەخـوازەکان ئـامـانجگەلی خۆیان ئـاوا دەنـاسـانـد: بنیانتانی یاسای بنەڕەتی، دامەزراندنی پارڵمانی نەتەوەیی و سەربەخۆبوون لە دەسەڵاتی بیانی.[1] وا دیارە جۆرێک لە وشیاری یان کۆبـــوونەوەی نـــوخـــبەیی بۆ چـــاکسازی و دارشـــتنی بـــناغەکانی نـاسیۆنـاڵیزمی ئێرانی زەق دەبێتەوە کە کەسـانێک وەکوو سەید جەمـاڵی ئەسەدابـادی و میرزا مەڵکوم خـان دەسـپێشخەری دەبـن. گەورەیی شـارسـتانیەتی ئێرانی، میراتی فـارسی و یەکێتی ئـــوســـتورەیی نەتەوەی ئێران لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەنـــدێشەی ئێرانی[2] لەم سەردەمە و قۆنـاخەکانی دیکەدا دەبێت. واتە جۆرێک لە ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ مۆدێرنیتە و ڕۆشـــنگەری

---

[1] Afary, Janet (1996). The Iranian Constitutional Revolution, 1906-1911: Grassroots Democracy, Social Democracy, & the Origins of Feminism. Columbia University Press. (pp. 21-43).

[2] Keddie, N. R. (1969). Iranian Politics 1900-1905: Background to Revolution. Middle Eastern Studies, 5(1), 3–31.

دەبێتە هەوێنی بنیاتــنانی پێناسەی ئێرانیبوون و زەقــبوونی گــرنــگایەتیی دامەزراوەســازی.[3]

بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوەکان ڕوو بە ئێران وەک شارستانی و جیهانی فیکری لە ژێر کاریگەری نوخـبەکانی ئەم سەردەمە و لە درێژەی قـوتابخانەی نـاسیۆناڵیزمی ئێرانیدایە. لەسەر تـوێژنەوە، بەرهەمی ئەدەبی و مێـژوویی ئەم سەردەمەدا، خــوێـنـدنەوە زانکۆییەکـان بۆ یەکێـتی نەتەوەیی ئێران وەکوو شــارســتانیەتێکی ئێرانی-زەردەشــتی-ئیسلامی خێرایی زۆرتــر بە خۆیانەوە دەگــرن. ئەمە بەشێک بــوو لە گەڕان بەشــوێن ئــایدیای ئێرانی پێش ئیسلام و وێنای شــارســتانیەتێکی یۆتۆپیایی کە دەتــوانێت لە دەرەوەی مێژوویەکی یەکدەســتی ئیسلامی، بــاسی فــارس وەکوو گشـــتێتییەکی کەلـــتووری و زمـــانی بکات.[4] ئەم فۆڕمـــاسیۆنە لە نێو تـــوێژینەوە مێژوویی و فیکرییەکان لەسەر ئێران، چ لە نێو قـاڵبی مێژووی ئیسلام و چ لە نێو بەردەوامییەکی کەونـار تـا

---

[3] Malayeri, S. E. (2016). Iranian Enlightenment and Literary Self-consciousness: A Discussion about Modernity and Philosophy of Literature with Regards to the Works of Mirza Fatali Akhundzade. In A. M. Ansari (Ed.), Iran’s Constitutional Revolution of 1906 and Narratives of the Enlightenment (pp. 129–148).

[4] Tavakoli-Targhi M. Refashioning Iran: Language and Culture During the Constitutional Revolution. Iranian Studies. 1990;23(1-4):77-101. doi:10.1080/00210869008701750

ئیسلام و سەردەمی هەنــووکە، خــاوەن زاڵـترین جۆری تێگەیشتنە سەبــارەت بە مێژوو و شارستانیەتیی ئێرانی.[5]

هێرش قـادری سەرهەڵدانی خـوێندنەوەیەکی ئـاوا بۆ مێژوو، بە دەرەنـجامی قۆنـاخی دەوڵەتی مۆدێرن یان دەســپێکی نــاسیۆنــاڵیزمی ئێرانی نــابەســتێتەوە؛ بەڵکوو ئەو دەیهەوێت ڕیشە مەعریفە-یەزدانناسانەی[6] شارستانیەتی ئێرانی یان فارسی وەکوو نەزمێکی دژ بە شارستانیەتی کوردی یان مـادی پێناسە بکات. هەر بۆیە قـادری کێشەی فۆڕمـوڵەنەبوونی کورد لە نێو مێژووی ئێـران و هەروەهــا نەبــوونی بــوونێکی مێـژوویی کـوردی کە خــاوەن گێڕانەوە بێـت، لە نێـو پرۆبلماتیکێک لە دەرەوەی خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە و تیۆری سیاسی دادەڕێژێت.

## کتێبی عەقڵی سیاسیی ئێرانی و ناسنامەخوازیی کورد

بە پێچەوانەی ئیدعــاکانی مێژوونــووســانی ئێران، هێرش قــادری لە پێشەکی کتێبی یەکەمیدا ئـامـاژە بە دژیەکی و ئـانـتاگۆنیزمی نێوان ئێرانییەت لەگەڵ جیهانی کوردی وەکوو شـارسـتـانیەت

---

5 بۆ نموونە:

- Corbin, Henry (1972). For the Concept of Irano-Islamic Philosophy. Philosophical Forum 4 (1):114.
- Katouzian. Homa (2009). The Persians: Ancient, Mediaeval and Modern Iran. Yale University Press.
- Tabatabai, Javad (2015). History of Political Thought in Iran. Tehran: Minooye Kherad Publication (IPIS Publishing, 1988).
- Tabatabai, Javad (2017). Decline of Political Thought in Iran. Tehran: Minooye Kherad Publication (Kavir Publishing, 1994).

6 Epistemic-theological

دەکات. ئەو ئەم دژیەکییە لە سەرەوەی پـرسێکی پەیوەنـدیدار بە مـاف، یەکسانی و تەنـانەت جیـاوازی نەتەوایەتی؛ لەسەر کێـشەیەکی ئۆنـتۆلۆژیک-تیـئۆلۆژیک ڕادەوەسـتێـنێـت، واتە دژیەکییەکی بوونناسانە و یەزدانناسانە لە نێوان جۆری تێگەیشتنی کورد وەکوو شارستانیەتی مـادی بۆ کۆمەڵگا، مـرۆڤ، یەزدان، دەسەڵات و ئەخـلاق. لە درێژەی ئەم گـریمانە سەرەتـاییەوە هەروەهـا دەپـرسێت کە کوردەکان لە کەتیبەکانی سـومێرەوە تـاکوو سەرەتـاییترین مـوتـالاتی مێژوونـووسانەی خۆرئـاواییەکان لەم نـاوچەدا، وەکوو ئێتنیکێکی شۆڕشگێر و یاخی دەنـاسـرێن، بەڕاستی هۆکاری ئەم هەموو یاخیگەریی و شکستە لە چیدایە؟[7] قادری پێی وایە ولأم بەم پرسە بەبۆنەی کێشەیەکی بـنەڕەتییەوە هەردەم لێڵ و گـومـانـاوییتر دەبێت؛ ئەویش ئەوەیە کە مێژوونـووسـان و نـووسەرانی کورد پێیان وایە ئەم ڕاکێشانە مێژووییەی کورد بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان لەبەر مـافـخوازیی، یەکسانیخوازیی، دەوڵەتی مۆدێرن یان دەسـتێوەردانی بیانییە.[8] ئەو ئەم جۆرە تێگەیشتنە نـابنەڕەتییە وەکوو مـانەوە لە نێوان گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و جۆرێک چاکسازی و پینەکردنی گوتارە گشتییەکە دەبینێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا توێژەرانی ئێـرانی هەوڵی ئەوە دەدەن کە بیـرکـردنەوە یـان بـوونی جیـاوازی کـورد لە نێـو گێڕانەوەیەکی شارستانیدا بتوێننەوە و وەکوو لقێکی ئەم گشتێتتیە شی بکەنەوە. لەبەر نەبوونی دەسەڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆش، ڕۆژهەڵاتناسەکان کورد وەکوو ئێتنیکێکی نێو دەسەڵاتی ئێرانی-فارسی لێکدەدەنەوە.[9] لەبەر بێتوانـایی کورد لە بنیاتـنانی سـابجێکتیڤیتە و نەزم (ڕێکخستە) یەک لە

**7** Qaderi, Heresh (2016). Aghle siyasiye Irani va huviyat talabiye Kurdha. Sweden: Arzan Publication (Final Edition 2018) pp.16.

**8** pp. 16.

**9** pp.17.

بیرکردنەوەی چەمکمەند، سابجێکتی سیاسی کوردی نەهاتەتە بوون. بۆیە نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان تیۆر و کردە، هۆکاری گەورەی شکست و تـوانـنەوە و دارِمـانی نـاسـنامەی کوردە لە نێو شارستانیەتەکانی دیکەدا.[10] بەم هۆیەوە قادری پرِۆژەی خۆی وەکوو هەوڵدان بۆ ساخکردنەوەی تێگەیشتنێکی فەلسەفی لە مێژوو یان مێژوویەتی کورد پێناسە دەکات و ئامانجی سابجێکتیڤی کارەکە نەک سـاخکردنەوەی نەزمێکی ئەخـلاقی بۆ تێگەیشتن لە پـرسی کورد، بەڵکوو خۆ-ئـاگـایی کۆیی و رِزگارکردنی ناسەربەخۆیی کردەیی کورد لە ئەوانیتر دەبینێت.[11]

## ئایینی میترا، گرێبەست و زەردەشت وەک مافی خوایی

هــاوشێوەی زۆربەی تــوێژنەوە و پرِۆژەکانی پەیوەنــدیدار بە مێژووی ئەنــدێشەی سیاسی[12] یان مێژووی ئــایدیاکان، قــادری سیمبوڵناسیی و مــانــانــاسییەکی بێوێنە لە بــواری مێژوونــاسیی شــارســتانیەتی کوردی (مــادی) بە ئەنــجام دەگەیێنێت. ئەو بۆ گەرِان بەشــوێن وڵامی پــرسیارە سەرەتاییەکە و جۆرێک لێکسازرانی[13] هـزری کوردی، پێویستی بە یەکخستنی دوو رِایەڵەی تیۆری و مێژووە؛ هەر بۆیە بــنەمــای سەرەتــایی تــوێژینەوەکەی لەسەر ئەم گــریمانەیە دادەرِێژێت کە عەقڵانیناونـانی رِەوتە مێژووییە نـاسـراوەکان خـاوەن جۆرێک هـاوەڵێتی لەگەڵ بەپەراوێزخسـتنی

---

**10** pp.18

**11** ibid.

**12** History of political thoughts.

**13** Construction.

شـتی نـاعەقلانییە.[14] مێژوو هەبـوونی شـتێکی بەرزەوەبـووە بەرەو چەمک یان بیرکردنەوە؛ واتە مێژووی جیهانی، «ڕەوتی ئاگـابوونە لە ئـازادی.»[15] قـادری ئەم ئاسـتە لە بـوونی مێژوویی وەکوو بـوونێکی مێتافیزیکی دەنـاسێت کە لە نێو بەشـداری عەقڵ لە ئـاسـتی یونیڤێرسـاڵدایە. بەڵام لە مێـژووی کـورددا بـــوونێکی نـــامێـژوویی دەبیـنێـتەوە؛ ئەو پێی وایە عەقڵی کـوردی، عەقڵێکی نـــامێتافیزیکی و لە دەرەوەی مێژووە.[16] «مێژووی کورد ئێگزێستنس و بـــوونێکی واقعییە نەک بیرکردنەوە لێی.»[17] لەبەر ئـامــاژەی بە نەبـوونی مێژووی نــووســراو، مێژوویەک کە کورد تێیدا خـاوەن گێڕانەوە بێت، قـادری پێشنیاری ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی دیاردەنـاسـانە-هـوسێرلی بۆ تەجربەی کوردی دەکات.[18] بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو مێتۆدی لێکترازانسازیی گوتاری[19] بۆ ئەم مەبەســتە بەکار دەهێنێت؛ چــونکە لە سەرەتــاوە مێژووی ئێرانی شــارســتانی یان دەسەڵاتی هەخـامەنشی وەک دوژمنێکی یەزدانـناسـانەی شـارسـتانیەتی مـادی پێناسە دەکات و پێی وایە

---

**14** pp. 51.

**15** Brown, Robert F. (ed.) (2009). Hegel: Lectures on the History of Philosophy 1825-6: Volume I: Introduction and Oriental Philosophy. Oxford University Press. pp.154.

**16** pp. 51.

**17** Ibid.

**18** pp. 52-53.

**19** Deconstruction of discourse.

نەزمی ئێرانی، نەزمێکی نوێترە لە نەزمی کوردی؛ بە هەرشێوە لەبەر نەبوونی پێناسەیەکی فۆڕماڵ لە تەجربە و بوونی مێژوویی کورد، ئەو ناو و وشەی **کورد** وەک نادیارترین مانا پێناسە دەکات.[20] لە درێژەی دەسخســتنە سەر ئەم بۆشــاییە تیۆریکە، قــادری دەیهەێت لە ڕێگەی گەڕانەوەیەکی ئەنــدێشەیی و دیاردەیی بۆ مێژووی کورد، گشــتێتیی گێڕانەوەی ئێرانی لەسەر مێژووی مــادی و ئێرانی بــخاتە ژێر پــرسیارەوە و لەم ڕێگەوە چــوارچێوەیەک بۆ دەســتەبەرکردنی لێکسازراوێکی ئێپیستمۆلۆژیک (مەعریفەناسانە) بۆ بوونی مێژوویی کوردی بنیات بنێت یان یاریدەری ڕەوتێکی گەڕانەوەیی وەهـا بێت. بۆ قـادری **"میترا"** چەمکێکی سەرەکییە لە دەسـپێکەوە هەتـا گشـتێتی ئایدیای فۆرماڵی ئەو لە نەزم یان ڕێکخستەی کۆمەڵایەتی-مەعریفەناسانەی کورد. ئاماژە دەکات کە میترا نــاواخنێکی تەواو دژیەکی لەگەڵ نەزمی زەردەشــتی هەیە؛ میترا لە سەرەدمی پێش مــادەکانەوە دەرخەری تێگەیشتنێک لە نەزمی کۆمەڵایەتییە وەک گــرێبەســتێکی **بەشــدارانە** و **ئازاد**.[21] ئەو ڕیشەی ئەم تێئۆلۆژییە لە نێو فۆڕمی دەسەڵاتی مادیدا دەبینێتەوە؛ دەسەڵاتێک کە «نـاوەنـدیبوونی هێز، زۆرداری و هیرارشی لەگەڵ گــرێبەسـتی [ئـازاد] نـاکۆکە. و [ئێمە] جۆرێک سیستمی فێدراڵیزم، یەکێتی لە نێو فــرەیی»[22] دەبینین. لە تــوێژینەوەی مێژووگــرافیکی کتێبی یەکەمــدا، قــادری نــموونەیەکی سەرنجڕاکێش دێنێتەوە؛ بــابلییەکان بە سەرکردەی مــاد "بیل

[20] pp. 52.

[21] pp. 57.

[22] pp. 129.

ئلی"دەڵێن.[23] کە واتـــای هیوپـــاتیس یان سەرۆکی نەتەوە (خەڵک) دەدات.[24] واتـــای سەرۆکی خەڵکان یان عەشـــایرێک نـــادات بەڵکوو سەرۆکی گشـــت سەرۆکە خەڵکییەکان لەخۆ دەگـــرێت. هیوپاتیس بە واتای "فرەیی پاشاکان" دێت.[25] قادری هەر لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە کە فارسەکان دووای تێکدانی سیستمی مـــادی، چەمکی **فـــرە**، **فـــرەیی پـــاشـــاکان** (فـــرە ئێزە دی) کە بە واتـــای هیوپـــاتیس بـــووە، دەگۆڕن بەرەو "فـــرە ئێزەدی **(فـــرّه ایزدی)**" کە واتـــایەکی زەردەشـــتی خـــوایی بە خۆیەوە دەگرێت.[26] بە پێی ئەم گێڕانەوە نوێیە، نەزمی مادی-کوردی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و ئازادانە بـــووە کە دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەی هەڵبژاردن پەسەنـــد کردووە.[27] لە حاڵێکدا واتای هەخامەنشی-زەردەشتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی، ڕەزایەت و هەڵبژاردن لە لایەن خواوەیە.[28]

بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، قادری بناغەی ئەم دژیەکییە لەسەر جیاوازیی **میترا** و **زەردەشت** وەک دوو ئایینی کۆمەڵایەتی-سیاسی و دوو جیهانبینی مرۆیی پێناسە دەکات. ئەو ئێرانیـــبـــوونی میـــترا لە ڕێگەی سەرچـــــاوەگەلێکی دەسنـــیـــشـــانکراوەوە ڕەد دەکـــاتەوە و بەڕوونی مـــادیبوونی میترا وەک ئـــایینێکی نـــائێرانی-نـــافـــارسی و لە دەرەوەی شـــارســـتانیەتی زەردەشـــتی

---

23 pp. 130.

24 Ibid.

25 Ibid.

26 Ibid.

27 pp.134.

28 قـــادری بە پێی نـــووســـراوەی کێستیاس، مێژوونـــووسی یۆنـــانی، گێڕانەوەیەکی نەبینراو و کەمـــترئـــاشـــنا لە هۆکارەکانی هێرشی پارسەکان بۆ پاشایەتی ماد دەخاتەڕوو.

دەسەلمێنێت[29] و ئایینی زەردەشت لە سەردەمی داریوش وەکوو پاڵنەر و دوژمنێک ناو دەبات کە تێکرِا زۆربەی پەرستگاکانی ئایینی میترا بە هۆیەوە لە ناو دەچن.

سەرەڕای ئەم وردەکارییە مێژوونـــووســـانەیە کە لە تـــوێژینەوەکانی قـــادری بۆ یەکەمـــجار بە شێوەیەکی چـــوارچێوەدار، وەکوو پـــرسێکی پەیوەنـــدیدار بە مێژووی کورد و کێشەی سیاسی عەقڵی ناتیۆریکی کورد دادەڕێژرێت؛ واتای مەعریفە-یەزدانناسانەی میترا گرنگییەکی بەرچاو و بەشێوەیەک ڕێنمای جۆری بیرکردنەوەی قـــادری لە ئەســـتۆ دەگـــرێت. میترا لەم پێناسەدا جیا دەبێتەوە لە ئـــایین و جیهانبینییەک کە دەیهەوێت لە جەســـتەوە بەرەو یەزدان یان ڕۆح بەرز بێتەوە، هەروەهـــا پەیوەنـــدیی بە «هەتـــاهەتـــایی بـــوونی ڕۆح، ئـــاســـمان و خۆرپەرســـتی وەکوو ئایینێکی سروشتییەوە نییە؛ بەڵکوو ئابستراکشێن [یان دەرهاوێشتەی] گرێبەستی کۆمەڵایەتی بووە.»[30] میترا چەمکێکی بێلایەنە و پەیوەندیی بە ڕۆشنایی یان خۆرەوە نییە. «لە میترای مادیدا نە واتـــای ئیلاهی [ئەهـــوورایی] و نە فەرمـــانی خـــودایی بـــوونی نییە، یاســـای ئەخـــلاقی لە پێش گرێبەست جێی نەگرتووە.»[31]

بە پێچەوانەی ئەم تایبەتمەندییە سیمبوڵیک-ماناناسانە کە سەبارەت بە میترا وەکوو ئایین و جیهانبینییەکی مـــادی-کوردی بـــاس دەکرێت، ئـــایین و جیهانبینیی زەردەشـــتی گـــریمانەگەلێکی

---

**29** pp. 139.

سیمبوڵی میترا مـار و دووپشکە، بە پێچەوانەی "پیرۆزبـوونی گـا" لە تۆتێمۆلۆژی زەردەشـتی، وێنەی میترا لەسەر بەردنـــووســـراوەکان ڕوونی دەکاتەوە کە میترا گـــا سەردەبڕێت. بە پێچەوانە لە بەردنـــووسەکانی سەردەمی دەسەڵاتی هەخامەنشی، گاکان مار لە ژێر پێیان دەکوژن.

**30** pp. 142.

**31** pp.143.

ئەخلاقی و دەرە-گرێبەستی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵبوون و پابەندی بە شاهەنشا یان زەردەشـــت.[32] لە جیهانبینی میترایيدا **پەیمان** و **گـــرێبەســـت** پێشەکییان بەسەر چـــاکە یان خـراپەبـوونی نـاوەڕۆکی لایەنەکەدا هەیە؛ خـودی پەیمان و خۆبەسـتەیی لە نێوان دوولایەنەکەیە کە وەک فەزیلەت و باڵایی گرنگایەتی هەیە؛ لایەن هەرکەس و هەر دین و خەڵکێک بێت. قـادری ئـامـاژە دەکات کە بەپێچەوانەی زەردەشـت کە جیهانبینییەکی دووالیستی (دوولایەنـخوازانە)، واتە ئەهـوورایی/ئەهـریمەنی [خـودایی/شەیتانی] هەیە، میترا خـودی **ئـازادی** و **ڕەزامەنـدیی دوولایەنە** بە خـاڵی بـاڵا دادەنێت.[33] ڕەزامەنـدی-ئـازادی ڕیشەی چـاکەن و زۆرەملی و نـاڕەزایەتی ڕیشەی خـراپەن. قـادری لە وتـارێکی دیکەیدا[34] دووالیزمی [دووانەخـوازی] خێر و شەڕ یان پیرۆز و نـاپیرۆز بە ئـایینی زەردەشـت گـرێ دەداتەوە و تیشکێک مەعـریفە-یەزدانـناسـانە دەخـاتە سەر مـانـاکانی نێو جیهانبینیی زەردەشـت. ئەو بنیاتی ئەم جیهانبینییە وەک بـناغەدارێژەری عەقڵی سیاسیی ئێرانی دەبینێت کە چەمک و واتـاکانی پەیوەنـدیدار بە خـراپە/شەڕ/نـاپیرۆز/تـاریکی/ئەهریمەنی بەو تێگەیشتنەوەوە گرێدەدات کە هەرشتێک لە دەرەوەی ئەم **بوون** و جیهانبینییە زەردەشـــتییە -پـــابەنـــدیی خـــوایی بە نەزم- **نـــائێرانی** دەبیـنێـت. قـــادری جیـهـانی پێـش هەردابەشکـردنێک بەسەر خێـر و شەڕدا، بە جیـهـانێکی سەرەتـــاییتـر و پەتیتـر دەبیـنێت و لەو بـاوەڕەدایە کە دابەشکردنی مەعـریفە-یەزدانـناسـانە لە دووای هـاتنی نەزمی دووایينە بەسەر نەزمی یەکەمین؛ بەم هۆیەوە ئـایینی زەردەشـت کە ڕەدکەرەوەی هەرجۆرە خـراپە و تـاریکییە کە

---

32 pp. 144.

33 Ibid.

34 [https://www.radiozamaneh.com/222735/](https://www.radiozamaneh.com/222735/)

وەکوو ڕەدکەرەوەی میترا یان جیهانبینیی مادی بنیاتنراوە کە لە پێش و لە دەرەوەی دووالیزمدا خاوەنی نەزم بووە. بەیارمەتی خوێندنەوەیەکی نیچەیی لەم وتارەدا قادری ئیدعای ئەوە دەکات کە ئایینی زەدەشتی لەبەر مانەوەی تایبەتمەندییە دووالیستییەکەی، جۆرێک نەلێکردنی ژیان، دووربوونەوە لە دیاردە و تەجربەی تێدایە، هەر بۆیە زەردەشت بانگەشەی جیهانێکی هیرارشیک و پابەندیی خوایی بە فەرمانڕەوا (پاشا) و تێگەیشتنێکی ئاپۆلۆنی دەکات.[35] بە پێچەوانەوە، ڕیشەی جۆرێک "جیهانویستن" و "تەجربەی دیاردەیی" و "زیندوو" لە نەریتی میترایی-مادیدا دەبینێتەوە. ئەو سیمبوڵی مار و سەربڕینی گا بە دەست میترا -کە لە گاتاکانی زەردەشت وەکوو کردەی شەیتانی پێناسە دەکرێت- بە جیهانی پێش دووالیزمی میترایی دەناسێنێت کە تێیدا چاکە و خراپە مژاری دەرەوەی خودی پەیمانی دوولایەنەن.[36] لە درێژەی ئەم باسەدا نووسەر لە کتێبی دووەمی خۆیدا[37] ڕوونی دەکاتەوە کە بە پێی خودی دەقی ئەڤێستا، زەردەشت بۆ کۆتاییهێنان بە سەربڕینی گا و سەرمەستی لە نێو ئەشکەوتە تاریکەکاندا سەرهەڵدەدات و لە سەرەتاوە بۆ دژایەتیکردنی تاریکی و مار، ئەو ڕۆشنایی و گا دەکاتە سیمبوڵی خۆی.[38] بە پێی ئەم گێڕانەوە مێژووگرافیکە، زەردەشت بە دابەشکردنی جیهان

---

**35** چونکە نیچە لە دەرەنجامی کتێبەکەی لەسەر زەردەشت، دەیهەوێت وەک ڕەخنەیەکی دیۆنۆسیسی مانەوەی دووالیزم و ڕۆحی دەرە-جیهان لە زەردەشتدا دەربخات.

**36** pp. 147.

**37** Qaderi (2022)

"صورت معقول و شورشیان نامعقول، از هبوط خوددا به پردیس و صعود بشر به فردوس تا مرگ خدا و بازگشت خوددا". لە درێژەدا ئەم توێژینەوەدا کتێبی دووەم بە ناوی "گەڕانەوەی خوددا" ناو دەبرێت.

**38** Qaderi (2022), pp. 28.

بەسەر خێڕ و شەڕ یان ڕۆشنایی و تاریکی، پرسی سیاسی دەکاتە شەڕێکی هەتاهەتایی لە نێوان ڕۆشنایی و تاریکیدا کە کۆتاییەکەی بە سەرکەوتنی شاکانی پارس بەسەر ماددا بەئەنجام دەگات.[39]

## میترا وەک جیهانێکی دیاردەیی[40]

قادری لە کتێبی **"گەڕانەوەی خوددا"** مژارە سەرەتاییەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوە مێژووییەکانی سەبارەت بە جیهانی میترایی-کوردی دەباتە ئاستی تێزگەلێکی مێتافیزیکی، هەروەها شێوازێک لە پێکبەندی چەمکمەند[41] لەم قۆناخەدا دەردەکەوێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی سەرەکیی قادری لە درێژەی پڕۆژەکانیدا. واتە دەستەبەرکردنی هێڵە جەوهەرییەکانی **بوونی مێژوویی کورد لە ئاستی خوێندنەوەیەکی بوونناسانەدا**.

میترا هێمای گەڕانەوەی شتی ئیلاهی و یەزدانی بۆ نێو جیهان و دیاردەییبوونەوەی مانایە.[42]

«...[ڕەوتی] مێژوو دووری و گەڕانەوەی خوددایە بۆ سەر زەوی کە لە نێو ئایینی مەسیح و

---

39 pp. 28.

40 Phenomenal.

41 Conceptual.

42 لێرەدا دەمهەوێت ئاماژە بە لاپەڕەکانی 243 و 246 لە وانەکانی فەلسەفەی مێژووی جیهانی هێگڵ (بەرگی یەکەم) ئاماژە بکەم کە هێگڵ ئاستی تێئۆلۆژی میترایی لە سەرەوەی ئەخلاق پێناسە دەکات و دەڵێت «میترا دەردەکەوێت وەک سەرۆک [و زاڵ] بەسەر ڕەهەندی ناوەکی و دەرەکی لە بوونی مرۆییدا.»
Hegel: Lectures on the History of Philosophy 1825-6: Volume I: Oxford University Press. pp. 246.

دەربڕینی فەلسەفییانەی ئەم دینە لە نێو هێگڵدا مەیسەر بووە.»[43] ئەو ئاماژە بە دابەشکردنی مێژوویی قۆناخ و ئاستەکانی ئازادیی مرۆڤ لە لای هێگڵ دەکات. ئەم ئاماژەیە پەیوەستە بە وانەکانی هێگڵ سەبارەت بە فەلسەفەی مێژووی جیهان.[44] لەم دابەشکارییەدا «جیهانی خۆرهەڵات وەها جیهانێکە کە تێیدا یەک کەس [سوڵتان، پاشا] ئازادە، لە یۆناندا هەندێک کەس و لە جیهانی ئاڵمانی-مەسیحیدا هەمووان ئازادن.»[45] قادری تێزێکی زۆر گشتگیر سەبارەت بەم زەویبوونەوە یان دیاردەییبوونەوەی چەمکی خودا یان یەزدان دەخاتەڕوو. لە سۆنگەی ئەوەوە ڕۆح یان جیهانبینیی میترایی بەرەو تێگەیشتنێک لە گرێبەست و دەستەبەرکردنی بەختیاریی مرۆڤ بەرەو دەوڵەتی مۆدێرن بەرزەوە دەبێت (transcended). ئەم مانایە لە پەیمان کە پێش چاکە و خراپە جۆرێک ڕەزامەندیی سەروو تاکەکان -بەڵام لەسەر بنیاتی ئاگایی تاک ئامادە دەکات- خۆی لە نێو گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ڕووسۆدا دەردەخات کە یەکسانی و ڕەزامەندی لە جێی نەزمی ئولیگارشی و ڕەوایی خوایی دادەنێت.[46] ڕوونە کە مەبەست بەشداربوون یان نەبوونی کورد لە پرۆسەی خۆ-ئاگایی فەلسەفیی خۆرئاوادا نییە، بەڵکوو مەبەستی قادری خوێندنەوەیەکی دیاردەییە بۆ جیهانە جیاوازەکان کە بە پێی سیستم و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان لە ڕەوتی مێژوودا گەشەیان کردووە. بە واتایەکی هێگڵی، لە

---

43 pp. 38.

44 Hegel: Lectures on the History of Philosophy 1825-6: Volume I. Also pp. 450-9.

45 pp. 38.

46 pp. 38.

ئـاسـتی عەقڵێکی جیهانی (یونیڤێرسـاڵ)دا دیسانەوە دەرفەتی دەرکەوتنی ئـابجێکتیڤیان لە نێو جومگەبەندیی چەمکیی دەوڵەتدا وەک "سابجێکتیڤیتە" پەیدا کردووە.[47]

پێش ئەم دەرکەوتـــنە دوواییـنەی **جیهانی میترایی**، قـــادری بۆ ڕەدکـردنەوەی فۆڕمـــاسیۆنە هەمیشەییەکەی "مێژوونـووسیی لە ئێرانـدا"، قۆنـاخە ئیسلامییەکانی مێژووی ئێران لە ڕێگەی مێتۆدی لێکترازانـسازی گـوتاری بە یەک شێوە وەرناگـرێت؛ بەڵکوو ئەو "ئیسلامی شەرعـخواز"ـی کەسـانێک وەکوو غەزالی بەدرێژەوەبـووی جیهانی زەردەشـتی دەبینێت کە هەوڵی کۆکردنەوەی پـرسی **دیاردەیی** و **زەمینی** دەدەن بۆ یەکێتییەکی خۆبەســتە بە خــودا.[48] هەر بۆیە لە ڕوانینی نـووسەرەوە، ئەم شەرعـخوازییە دۆگــماتیکە قـوتـابـخانەی عەقڵخوازی دەخـاتە پەراوێزەوە و دەرەنـــجامی دەبێـتە بەکـافـــرزانیـنی "ئیـبـنە سیـنـا"، "حەلاج" و "سۆرەوەردی" کە لە دەرەوەی چوارچێوەی جیهانی زەردەشتی-ئیسلامیدا پۆلێن دەکرێن.[49]

سەرەڕای نـــموونە مێژووییەکان کە قـــادری دەیهەوێت لە ڕێگەیانەوە گـــوتـــار و گێڕانەوەی یەکدەست لە جیهانی زەردەشتی-ئیسلامی ڕەد بکاتەوە، کە وەک قوتابخانەیەکی فیکری ئێرانیی

---

**47** Hegel; Knox, T. M. & Sibree, J. (2015). The Philosophy of Right. Chicago: Hackett Publishing. § 258.

**48** pp. 62.

**49** pp. 63.

قـادری هەر لەم لاپەڕەدا هۆکاری نـاونـانی کورد بە جنۆکە، شەیتان و تێکدەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکخستنی سیاسی خەلافەتی عەباسی-تـاهیری و کەلـتووری شەریعەتخوازانەی کەسانێک وەکوو غەزالی کە لە ئـاستی تێئۆکراتەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕۆڵیان هەبوو.

لای تــوێژەرانێک وەک هێنری کۆربــن[50] پۆلێن کرابــوو. کۆربــن وەک پســپۆڕی مێژووی فیکری و ئــایینیی ئێران، تــوێژینەوەگەلێکی بەرچــاوی لەسەر فیلسووفــانی ئیسلامی و بە تــایبەت سۆرەوەردی کردبــوو.[51] ئەو لە کتێبی ســوفیزمی ئێرانیدا سەرەڕای پۆلێنکردنی فەلــسەفەی ئیسلامی لە ئێران، لە بەشی سێ و چــواردا هەوڵ دەدات ڕیشەی تێرمینۆلۆژیکی فەلــسەفەی "نوور" یان "ئەشراقی" سۆرەوەردی لەگەڵ جیهانبینی کەوناریی زەردەشتی گرێ بداتەوە و وەکوو ئەندێشەی سوفیزمی ئێرانی پێناسەی بکات. قادری ئاوا هەوڵێک بە مەبەستی سیاسی تۆمەتبار دەکات و پڕۆژەی فیکری کۆربــن بە **زانینی-ســایکسپیکۆیی** نــاو دەبــات. قــادری بۆ ئیدعــاکەی هۆکارگەلێکی بێ ڕوونکردنەوەی ورد دەخــاتە بەر بــاس؛ بۆ نــموونە ئەنــدێشەی سۆرەوەردی لە دەرەوەی جۆرە جیهانبینییەکی مەعــریفەنــاســانەی دووالّیستی پێناسە دەکات.[52] خێرایی و ناڕوونیی پێناسەکانی قادری سەبارەت بە سۆرەوەردی و ئیدعای دژیەکی فەلسەفەی ئەشراق لەگەڵ ســوفیزمی ئێرانی، دەتــوانێت یەکێک لە کێشەلەسەرتــرین پــرۆژەکان بۆ تــوێژینەوەی فەلسفی بەدیبهێنێت و ڕاڤەکان لەسەر ئەم ڕایەڵە کە لە بـواری فەلـسەفە و مێژووی ئـایدیاکان پۆلێن دەکرێن، دەرگایەکی نوێ ڕوو بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی کاری توێژەرانێک بۆ نموونە هێنری کۆربــن و جەواد تەبــاتەبــایی درووســت بکات. هەرچەن لە دەرەنــجامــدا قــادری پێی وایە فۆڕمی جیهانی میترایی بەردەوام لە مێژوودا گۆڕاوە: بەرەو تەسەوفی ئیسلامی، دەرکەوتنی لە

---

**50** Corbin, Henry & Pearson, Nancy (1982). Spiritual Body and Celestial Earth: From Mazdean Iran to Shī'ite Iran. Religious Studies 18 (2):233-236.

**51** Corbin, Henry (1971). The Man of Light in Iranian Sufism.

**52** pp. 82.

نێـو فەلـــسەفە، شۆڕشەکـانی ژێـر دەسەڵاتی خەلافەت[53] و وێــنـای عەیـنییەکەی لە چەمکی هەڵپەڕکێ لە واتای خوددا کە کۆبوونەوەی ئازادانەی خودەکانە.[54]

## دەرەنجام: کورد کرۆڵ یان کرمۆڵ؟

هەر ئەو جۆرەی کە سەبــارەت بە پێشەکیی "کتێبی عەقڵی سیاسیی ئێران و نـاسـنامەخـوازیی کورد" ڕوون کرایەوە، قـادری بەردەوام ئـامـاژە بە بـوونێکی پەتیی بیرلێنەکراوە دەکات، کە لەبەر نەهاتنە ئاستی چەمک و پێناسەی چەمکی-قوتابخانەیی، جۆرێک لە دارِمانی بە خۆیەوە بینیوە و شکستە سیاسییەکانی بـزووتـنـەوە کوردییەکانیش لای ئەو دەرخەری خـووگـرتـن بە تـراژێدیا و ناسەربەخۆیی تیۆریک و کردەییە. قادری بە خوێندنەوەی **مەم و زینی خانی** دەیهەوێت باس لە دوو هێڵی دووپـاتەوەبـوو لە جیهانی کوردیدا بکات:[55] چەمکی **کرۆڵ** و **کرمۆڵ**. «خـانی هۆکاری چەرمەسەریی کورد هەم بۆ بەخـــت و هەم بۆ نەبــوونی یەکێتیی نـاوخۆیی دەگەڕێنێتەوە، مــن بەخـــت بۆ هۆکاری دەرەوەیی واتە چەمکی کرۆڵ دەگەڕێنمەوە... کاراکتەری **مەم** سەرەتـــا بە بۆنەی هۆکـاری دەرەوەییەوە کرۆڵ دەبێـت و بەبۆنەی بەردەوامـــبـوونی ئەمەوە، کـرمۆڵـبـوون [دارِمــان لە نـــاوخۆدا] ڕوو دەدات و کۆکـنەبـــوونی بەخـتی دەرەوەیی لەگەڵ **زیـن** نـــاوخۆیی دەبێتەوە... [کرۆڵبوونی سەرەتــایی] نەویستنی دەروونی-نـاوخۆیی لێ دەکوێتەوە.» قــادری لە

---

**53** نــووسەر گۆڕینی جیهانی زەمینیی میترایی بەرەو تەسەوفی مەولانــا خــالید و ئیسلامی نــائێتنیکی سەعید نەورسی لە نموونەکانی دیکە بە هەژمار دەهێنێت.

**54** pp. 47.

**55** pp.131.

ڕاڤەی هێرمێنیۆتیکی بەرهەمەکەی خـانییەوە دەیهەوێت پێشەکایەتیی **کرمۆڵبوون** و داڕمـانی نـاوخۆیی بەسەر **کرۆڵبوونـدا** پێشان بـدات؛ کە هێڵی بەرهەسـتبوونەوەی[56] لە نەبـوونی بەردەوامییەکی عەقڵانی و نوێخوازانە لە نێو بزووتنەوە سیاسی و کەلتوورییەکاندا دەبینێت. بە وتەیەکی دیکە جیهانبینییەکی دەروونیکراو (هـزری) وەک "ئەنـدێشەی سۆرەوەردی"، تێگەیشتن لە "یەکەی نـاسـنامەیی" لای خـانی و "ڕەخـنەی مۆدێرنی" حـاجی قـادری کۆیی لە نەریتی کوردی-خانەقایی، پرسی سیاسی لە هەلومەرجی مۆدێرنیتەدا، بە جێی عەقڵانیبوونەوە، جۆرێک جووڵە دەکات بۆ گەڕانەوە بەرەو سـوفیزم و تەریقەت کە نـوێنەرەکانی بە **عەشیرە** و **حـزبی** کوردی نـاو دەبـات.[57] «... [بە بۆنەی] سیاسیبوونەوەی ئەم زەینییەتە لەگەڵ شێخایەتی و بـزووتـنەوەی حـزبی، ئێمە لەگەڵ مەمـگەلێکی[58] مۆدێرنی فکری و سیاسیدا ڕووبەڕووین کە تێڕوانینێکی ئەخلاقی و تاکییان بۆ سیاسەت هەیە کە بە گۆڕینی تاکەکان، هیوای جیهانێکی باشتر دەخوازن و کۆ-چەمکەکانی پەیوەنـدیدار بە سیاسەت وەکوو تۆمەتی ئەخـلاقی پێناسە دەکەن.»[59] بەرزەوەنەبـوونی جیهانبینیی کوردی-میترایی بەرەو فۆرمـاسیۆنێکی عەقڵانی لە سەردەمی مۆدێرنـدا، بۆ قـادری "ئـاسـتەنگێکی بیرلێنەکراوە"یە ڕوو بە **نەریت** و **مۆدێرنیتە** لە پـرسی

---

**56** Objectivize.

**57** pp.138.

**58** ئاماژەی دووبارە بە کاراکتەری مەم لە بەرهەمی مەم و زینی خانیدا.

**59** pp. 146.

پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەی ناسنامە و بوونی نەتەوەیی کورد.[60] بۆ نووسەر ئەم ئاستەنگە ڕووی خۆی دیسان لە نەبوونی پەیوەندیی نێوان تیۆر و کردە و دوورەپەراوێزی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی دەردەخات. دابڕانی زەین و عەین، کەلتوور لە سیاسەت و پەرەسەندنی تێگەیشتنی فۆلکلۆر و ئێتنیکی لە بوونی کورد، لای قادری پێشاندەری داشکان و بچووککردنەوەی چەمکی خوددا (مانای دیاردەیی-زەمینی) بەرەو تێگەیشتنێکی سۆفییانەیە لە سیاسەت.[61]

---

بەشی "لێدوانی تیۆریک"ـی ئەستێڵ

---

**60** pp. 138.

لەم بەشە و لاپەڕەکانی پێشوودا قادری ئەم گۆڕانکارییە ناوخۆییە لەگەڵ ڕاڤەی دیاردەناسانەی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هاوهەمبەر دەکات و دەیهەوێت لە سەرووی تێزی ئابستراکت، سەبارەت بە قۆناخبەندییە گوتارییەکانی مێژووی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی هێرمێنیۆتیکیش ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دابڕانی زەین و عەین لە ڕەوەنی ئەدەبی کوردیدا بخاتەڕوو. بەڵام ئەم ڕاڤەیە لە پۆلێنەکانی ڕاڤەی ئەدەبیدا جێگە ناگرێت، من ئەمە بە پڕاکتیسی خوێندنەوەیەکی دیاردەیی و مێتا-مێتافیزکی (meta-metaphysical) لە شیعری کوردی ناو دەبەم.

**61** pp.237.

## سەرچاوە:


- Afary, Janet (1996). The Iranian Constitutional Revolution, 1906-1911: Grassroots Democracy, Social Democracy, & the Origins of Feminism. Columbia University Press. (pp. 21-43).
- Brown, Robert F. (ed.) (2009). Hegel: Lectures on the History of Philosophy 1825-6: Volume I: Introduction and Oriental Philosophy. Oxford University Press.
- Corbin, Henry & Pearson, Nancy (1982). Spiritual Body and Celestial Earth: From Mazdean Iran to Shî'ite Iran. Religious Studies 18 (2):233-236.
- Corbin, Henry (1972). For the Concept of Irano-Islamic Philosophy. Philosophical Forum 4 (1):114.
- Corbin, Henry (1971). The Man of Light in Iranian Sufism.
- Hegel: Lectures on the History of Philosophy 1825-6: Volume I: Oxford University Press.
- Hegel; Knox, T. M. & Sibree, J. (2015). The Philosophy of Right. Chicago: Hackett Publishing.
- Katouzian. Homa (2009). The Persians: Ancient, Mediaeval and Modern Iran. Yale University Press.
- Keddie, N. R. (1969). Iranian Politics 1900-1905: Background to Revolution. Middle Eastern Studies, 5(1), 3–31.
- Malayeri, S. E. (2016). Iranian Enlightenment and Literary Self-consciousness: A Discussion about Modernity and Philosophy of Literature with Regards to the Works of Mirza Fatali Akhundzade. In A. M. Ansari (Ed.),

Iran's Constitutional Revolution of 1906 and Narratives of the Enlightenment (pp. 129–148).

- Qaderi, Heresh (2016). Aghle siyasiye Irani va huviyat talabyie Kurdha. Sweden: Arzan Publication (Final Edition 2018).
- Qaderi, Heresh (2022). Bazgeshty Xudda.
- Tabatabai, Javad (2015). History of Political Thought in Iran. Tehran: Minooye Kherad Publication (IPIS Publishing, 1988).
- Tabatabai, Javad (2017). Decline of Political Thought in Iran. Tehran: Minooye Kherad Publication (Kavir Publishing, 1994).
- Tavakoli-Targhi M. Refashioning Iran: Language and Culture During the Constitutional Revolution. Iranian Studies. 1990;23(1-4):77-101. doi:10.1080/00210869008701750